# چەمکی خەم لەنێوان ( گۆران ) و ( سەییاب ) دا

پ.د. محمد دلێر أمین
زانکۆی سلێمانی
سکولی زمان

پ.ی.د. محمد فاضل مصطفی
زانکۆی سەلاحەددین
کۆلێژی زمان

## پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی زانستییە، دەچێتە خانەی ئەدەبی بەراوردکاری یەوە کە کایەیەکی ئەکادیمییانەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەدەبدا، بەرامبەریکردن یان کارکردن لەگەڵ دوو یازیاتر لەبەرهەم و تێکستی ئەدەبی، لەرووی زمان و نەتەوە یان ئایین و کەلتوور و سەردەم جیاواز بن.

روانین بۆ دوو بەرهەمی دوو شاعیری هاوچەرخی وەك (عبدالله گۆران) ١٩٠٤-١٠٦٢ و (بەدر شاکر ئەلسەیاب) ١٩٢٥-١٩٦٤ کە هەردووکیان لای نەتەوەکەی خۆیانەوە کورد و عەرەب بە تازەکەرەوەی شیعری قۆناغی سەرتاکانی سەدەی بیستەم و دواتریان دەزانن، هەردوو شاعیر وەك سمبولی نوێخوازی و بناغەدانەری ئەو ئەدەبەن کە قۆناغی کلاسیکی تێپەڕاندو چووە قۆناغی رۆمانتیکیەت و دواتر ریالیزمەوە، هەل و مەرجی سیاسی، کۆمەلأیەتی و ئابووری بۆ هەردوو شاعیر بەشێوەیەکی گشتی وەك یەك بووە لەگەڵ ئەوەی ژینگە و شوێنی جوگرافی و ململانێی سیاسی جیاوازیان هەیە، ناکرێ لەم توێژینەوەیەدا، هەموو ئەو مەبەستە شیعریانە وەربگرین کە لای ئەم دوو شاعیرە بوونەتە هۆکاری دەربڕینی چەند ئامانجێ، لەبەرئەوەی مەودایەکی فراوانی ئەوێت و کەرەسەی چەند کتێبە، لێرەدا تەنیا لەبارەی خەم و حەسرەت و دلەڕاوکێی شاعیرانە ئەدوێین کە نەك مەبەستی ئەم دوو شاعیریە بەڵکە لەناخ و هەژانی سەرجەم شاعیراندا پەنگی خواردۆتەوەو هەریەکەیان بەجۆرێك و شێوازێك ئەو خەمەی دەربڕیوە، خەم و حەسەرت زیاتر هۆکارەکەی بیرکردنەوەو پەی بردنە بە نادیار، هەست ناسکی، نا عەدالەتی کۆمەلأیەتی، چەوتی دەسەلأتی سیاسی و دەستەوەستانی دەستەبژێر و مل کەچی بەشێکی زۆر لە خەڵك و رازی بوونیان بەوەی روو ئەداو چەند جار دووبارە بوونەوەی.

لەگەڵ جیاوازی خێزانی زمان و رەچەڵەکی هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی، کە یەکەمیان سەر بەخێزانی هیندو ئەوروپیەکان کۆمەڵە زمانە ئێرانیەکان و دووەم سەر بەخێزانی زمانە سامیەکانە، هەروەها لەرووی رێزمان و دەستووری زمانەوە جیاوازن بەلأم پەیامی ئەدەبی و کاریگەری لەنێوان شاعیر و نووسەرو دەستەبژێری نەتەوەکاندا هەبووە، لێرەدا هەولی دۆزینەوەو ساغکردنەوەو روونکردنەوەی پەیوەندی نێوان دوو شاعیر بەگشتی و دوو دیاردەی ناو بەرهەمی شیعریان دەدەین لەرووی کاریگەری و سوود بەیەك گەیاندن ئایا ئەو کاریگەریە راستەوخۆ بووە یان لاوەکی و راگوزەر، دیارە وەلأمی ئەم پرسیارە گرنگەو ئەرکی ئەم توێژینەوەیە بەرچاو روونی ئەداتە ئەم لاینەو لەرێگای سەرچاوەو بەرهەمی هەردوو شاعیرەوە(گۆران و سەییاب) ئەنجامێکی زانستی بخاتە روو.

**چەمکی خەم لەهەردوو رێبازی کلاسیکی و رۆمانتیکی دا :-**

خەم و حەسەرت و ئازاری دەروونی، بەشێکی گرنگن لەژیانی مرۆڤ و پانتایەکی زۆریان لە رۆژمێری ژیانی هەر تاکێکدا داگیرکردووە، کۆمەلگای مرۆڤایەتی هەر لە کۆمەلگای سەرەتایی و تا شارستانیەتی ئەلیکترۆنی ئێستا لە خەم بێ بەش نین ئەگەرچی جۆرو سەرچاوەکانی ئەگۆردرێن بەلام کاریگەریان لەسەر مرۆڤ هەیە و دووچاری خەمۆکی و گۆشەگیری و هەندێ جار خۆکوشتنی دەکەنەوە.

سەرچاوەکانی خەم زۆرن و لە ئەژماردن نایەن، رۆژانە ئێمەی مرۆڤ رووبەڕووی دەیان دیاردەی ناهەموارو هەواڵی ناخۆش و کێشەی راستەوخۆ و لابەلا دەبینەوە کە دەرزی ئاژنی گیانمان دەکەن و بێزارمان دەکەن، دیارە شاعیران زۆرتر و بەچاو و دەروونێکی تر دەروانە ژیان و هەوڵ و پەیامێکی مرۆڤانەیان هەیە، لەبەرئەوە زیاتر خەم و نائارامی باڵی بەسەریاندا ئەکێشێ و هەمیشە وەك کەسێکی نا ئارام و ناڕازی دەردەکەون و لە هەوڵی باشترکردن و خۆشترکردنی ژیانی کەسانی تردا، ئەوان تەنیا سەرچاوەی خەمەکانیان، باری ژیان و گوزەرانی خۆیان نیە، بەڵکە بازنەکەی زۆر فراوانترەو خەمی کۆمەڵ و نەتەوە و تەنانەت جیهانیش لەکۆڵ دەگرن لەرێگای دەبڕینی ناخی خۆیانەوە، پەیامی مرۆڤانە دەنێرن و هیوایان بە ئایندەیەکی گەشت و پڕ یەکسانییە.

دەبێ ئەو راستییە دووپات بکەینەوە کە (رێبازی ئەدەبی) و کەسی داهێنەر ، کاریگەری سێ هۆکاری گرنگیان لەسەرە کە جگە لە خۆیان ئەم سێ هۆکارەش دەبنە مایەی دڵەڕاوکێ و جێی سەرەنج و خەم و هەوڵی جوانکردن و خۆشکردن دەدەن:-

١- کاریگەری سروشت و دەوروبەر کۆمەلگای داخراوی و بەجێ ماو لەرەوتی شارستانیەت بەبەراورد لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا.

٢- زمان ماڵی خۆپاراستن و ئامرازی گەشەکردنە هەروەها پێناسەی نەتەوەییە.

٣- ژینگەی مرۆڤایەتی- پەیوەندی خەڵك و دەسەلات، تابۆی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئایینی و کەلتوور...هتد.

ئەم هۆکارانە لەسەرجەم رێبازەکاندا رۆڵی خۆیان هەبووەو پێویستیان بە رووبەڕووبوونەوە هەبووە لەلایەن شاعیر و نووسەرانەوە.

گەر لەو روانگەیەوە سەیری هەر رێبازێك بکەین کە یەك تەواوکەری ئەوی ترە و سوود لە کەم و کورتی ئەوی تر وەردەگرێ و لەدیدو بۆچوونی ترەوە سەیری جیهان و دەوروبەر دەکات، ئەوە دەبێت لەسەردەم و قۆناغی ژیانی شاعیر و نوسەر تێبگەین تا سەرچاوەی راستەقینەی خەم و ئازارەکان دەست نیشان بکەین، بەکورتی ئامانجەکانی رێبازی کلاسیکی وەك زۆربەی سەرچاوەکان دیارییان کردووە بریتین لە : ((لاسایکردنەوەی سروشت و بنەمای ئاوەز(عەقل) ، پەند و ئامانجی باش، هەقیقەت نوێنی))[١] .

کاتێ عەقڵ و هەقیقەت دەبنە پێوەر، خەمەکان دەوروژێن و شاعیر لە هەر گۆشەیەکی ئەم دنیایەدا و لەو دەوروبەرەدا بەر هێرشی خەم دەکەوێ و سەرتاپای داگیر دەکات، (نالی) کە نمونەی شاعیرێکی کلاسیکی کوردە ((هەزار جۆرە ئاوات لەدەرونیدا پەنگی خواردۆتەوەو هیچی بۆنایەتە دی لەبارێکی دەروونی زۆر سەخت و ماتەماوییدایە))[٢] بۆیە دەڵێ:-

سەری هەر مووی بەدەنم طەرزە تەماننایێیەکە
گەردشی تووکی سەرم دوو کەڵی سەودایێکە
وەرە سەر سەیری صەفاگاهی نەظە رگەی چاوم
کە عەجەم مەنظە رەی سەیر و تەماشایێکە[٣] .

یان دەڵێ:

دڵ موضمە حیلی دەردە وەکو دیدە لەنمدا
حەیران و پەرێشانە وەکو قەطرە لەیەمدا
((نالی)) مەثەلی حاڵی لەئەشکەنجەیی خەمدا
وەك ناڵە لەنەیدا وەکو نالە لەقەڵەمدا[٤] .

ژیانی مرۆڤ زۆرینەی خەم و ئازارە، بەشێکی کەم نەبێت کە بەختەوەرن و بەگوێ نەدانە کێشەو نەهامەتییەکان وەك خۆ فەرامۆشکردنێك رۆژان بەسەر دەبن، کاتە خۆشەکان دەفڕن و ساتەخەمۆکیەکان بە ئاستەم دەڕۆن و دەبزوون، شاعیر چاکی پێکاوە:-

خەم دەوامی زۆرە، زوو ئەڕوا لەدڵ سەیر و سەفا
عومری(عەمرە)م کورت بوو، بێ مورەت بوو بۆم مەروە و صەفا
ئولفەتم گرتووە لەگەڵ دەرد، قەت نییە چارەو شیفا
بەرد ئەبارێنێ بەسەرما چەرخی بێ رەحم و وەفا[٥].

ئەو نموونانەی سەرەوە مشتێکن لە خەرواری ئەدەبی کلاسیکی کوردی کە خەم بۆتە هاوبەش و لەدەربڕینی شاعیراندا رەنگی داوەتەوە، رێبازی رۆمانتیکی کە زیاتر مەیلی بەرەو (سۆز و ئاڵۆزی و نوێکردنەوە) هەگاوی دەناو لە عەقڵ دوور دەکەوتەوە، لای رۆمانتیکیەکان (هەست و سۆزان کە لەپاڵی عەقڵ و تەبیعەتدا، دڵ و هەستیش دنیایەکی دیکە و پێداویستیانی دیکەی هەیە گومان لەوە دانییە کە لە رۆحی ئادامیزادا هەست لە هزر و بیر دەسەڵاتدارترە و خۆزیاو ئارەزوو لە حەقیقەت کاریگەرترە، لەبەرئەمە دەبێ هەست و هەوەسەکانی رۆح- هەڵبەتە تابکرێ لە قەڵەمڕەو چوارچێوەی ئەخلاقدا بخرێتە بەرباس))[٦].

خەمی شاعیر و نووسەران رۆمانتیك بەتێپەڕبوونی زەمانە هەڵدەکشاو سەرتاپای بەرهەمەکانی دەگرتەوە، ئەوەش بەهۆی شکستەوە بوو کە ئاواتەکانی لەچاڵ نان و ئەو هیوایەی بەشۆڕشی بورجوازی یان هەبوو لەبارچوو بێزار بوونیان لەژینگەو زەمان و سەردەم و دەسەڵات و جیهانێکی بێ هەست وای لێکردن بە واقیع یان بەخەیاڵ سەفەر بکەن و هەڵبێن و دوورە پەرێز بن، ئەو بێرەحمیەی رۆژگار دژی خواستەکانی کردن بووە سەرچاوەی خەمێکی ئەبەدی کە پانتایی زۆر و زیاتر بوو لە خەمی کلاسیکەکان.

## کورتەیەك لەژیان و بەرهەمی (گۆران و سەییاب):-

وەك توێژەر پێویستمان بەتیشك خستنە سەر ژیانی هەردوو شاعیر هەیە ئەگەرچی بەشێوەیەکی راگوزەرو کورت بێت تا لەسەرچاوەی خەمەکانیان بە ئاگابین:-

گۆران: یان (عبداللە بەك گوۆڕی سلێمان بەگ کوڕی عبداللە بەگ) ساڵی ١٩٠٤ لە هەڵبەجە لەدایك بووە، دواتر بەخێزانەوە دێنە سلێمانی، لەدوا ساڵەکانی جەنگی یەکەمدا روو ئەکەنە لادێکانی دەوروپشت، لەبەهاری

١٩١٩ تا پایزی ئەو ساڵە روو ئەکەنە چەمی بیارە و لەوێ لە باخێکدا هەوار ئەخەن، ساڵی ١٩٢٥ بۆتە مامۆستاو دواتر چەند وەزیفەیەکی تری میری بینیوە، چەندین جار بەندکراوەو حوکم دراوە لەسەردەمی رژێمی پاشایەتی دا دوای ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ ئازاد دەبێت.

لەناوەڕاستی ١٩٦٠ دا دێتە بەغدا و ئەبێ بە وانەبێژ لەبەشی کوردی کۆلێجی ئاداب زانکۆی بەغدا و لە رۆژنامەکانی (ژین، شەفەق، بەیان) کاری کردووەو لە ١٩٦٢/١١/١٨ بەنەخۆشی کۆچی دوایی کردووە[٧].

بەدر شاکر السیاب: ساڵی ١٩٢٥ لەگوندێکی ناوچەی (أبی الخصیب) کە ناوی (جیکور)ە لەدایك بووە، ژیانی بنەماڵەی لەرووی بژێوییەوە باش نەبووە، لەزۆر لایەنەوە (بەدر) فەرامۆشکراوە، لەرووی بژێوییەوە کە خێزانەکەی هەژار بوون و لەرووی سۆز و خۆشەویستی باوکایەتییەوە لەبەرئەوەی باوکی لەدوای مردنی دایکی (بەدر) ژنی هێناوەتەوەو گوێ بەمنداڵەکانی نەداوە، پیشەی مامۆستایی کردووە و دواتر بۆتە فەرمانبەر بەهۆی گرتن و ئازاردانەوە تووشی نەخۆشی بووە، تا دواتر بەهۆی نەخۆشییەوە ساڵی ١٩٦٤ کۆچی دوایی کردووە [٨].

## سەرچاوەو ماکی خەم لەلای هەردوو شاعیر:-

سەدەی پێشوو (سەدەی بیستەم) بەسەدەی تراژیدیا ناونراوە، بەهۆی ئەوەی دوای جەنگی جیهانی (١٩١٤-١٩١٨) و (١٩٣٩-١٩٤٥) و دەیان شەڕی تر لەو سەد ساڵە دا رووی داوە، دەیان ملیۆن مرۆڤ کوژران و سەدان و هەزاران ماڵ و گوند و شار وێران کران، شەڕ تەنیا هەڵگیرسانی ئاسان و سەرەتاییە بەلاَم شوێنەوار و پشماوەکانی درێژ خایەنن و چەندین نەوە تووشی خەمۆکی و گۆشەگیری و چەندین نەخۆشی دەروونی بوون و ئەو برینانە سارێژ نابن.

(گۆران) و (سەییاب) رۆژگاری سەخت و نەهامەتی هەردوو جەنگەکەیان بینیوەو ئەو دیمەنە سامناکانە چۆتە نەست و ویژدانی زیندوو یانەوەو وەك مرۆڤی هەست ناسك و خەمخۆری ئازادی و ئاشتی زیاتر بە ئازارەوە تواونەتەوەو سەرتاپای ژیانی داگیرکردوون، گۆران بەجوانترین شێوە لەشیعری (دیاری خوای شەڕ) دا ئەو دیمەنە سامناکەی نیشان داوین و زەنکی مەترسی بۆ ئایندە لێ داوە:-

دیاری خوای شەڕ رەنجە و ئازار
مەرگی لەشکر، وێرانیی شار
بۆ دایك: تاقانە کوشتن
بۆ کورپەی ناز: هەتیو خستن![٩].

ئەم خەمە گشتییە کە هەموو مرۆڤایەتی گرتۆتەوە، خەمی تاکە کەسەکان وەك شاعیر و نووسەران زیاترە، لەبەرئەوەی خەمی خێزان و بژێوی و دواکەوتووی کۆمەڵ و بێ رێزی خەڵك بە کەسە داهێنەرەکان و فەرامۆش کردنیان و بەرهەڵستی بەرهەم و نووسینەکانیان، هەروەها دەسەڵاتی زۆرداری سیاسی و چەوساندنەوەی نەتەوەیی و چینایەتی...هتد هەموو ئەم کێشانە قورسایی زۆریان لەسەر ناخ و هەستی شاعیر دروست کردووە، (گۆران) لە هەرەتی لاوێتیدا شانی سەبری لەژێر باری خەمدا نەوی بووەو هاوار دەکات و دەڵێ:

تاوێ نەگەڕا چەرخی موخالیف بەحیسابم
بێ ناڵە نی یە ئانیەیەك تاری روبابم!

هەر لەحظە یەکی مەهدی هەزار گریە بو ئەفسووس.
سالآنی منالیم و هەموو عومری شەبابم!

- - - - - - - - - - - - - - - - - -

زیاتر سەبەبی عەقڵ و شوعوورە خەفەتی من.
بۆ غەفڵەت و نیسیانە هەموو نۆشی شەرابم! (١٠).

(گۆران) کە هۆکاری خەم و کەسەری گەڕاندۆتەوە بۆ بیکردنەوە و ژیری و درك پێکردنی نەهامەتییەکان زۆر جوان مەبەستی پێکاوە، هەمیشە کەسە زانا و رووناکبیرەکان لەگومان و دڵەڕاوکێدا دەژین، خەمی ئەمڕۆ و ئایندەیان لەکۆڵ ناوەو لەرابردوو پەند وەرئەگرن، نایانەوێ رابردوو دووبارە بێتەوەو مرۆڤایەتی لەشەڕەێکەوە بۆ شەڕێکی تر رادەست بکرێت و لەپێناوی ئارەزووی شەڕەنگێزی یەك کەس یان چەند کەسێکدا سەدان ماڵ و شارو هەزارەها کەس بێ تاوان ببنە قوربانی.

(سەییاب) کە گومان لەخۆی و هەموو دەوروبەر دەکات و ئەنجامی شۆڕشەکان بەسەرەتای کۆتایی نەهامەتی و شەڕ دادەنێ وەك ئەنجامی شەڕ لە خەمی ئەو هەموو قوربانیەدایە کە ژیان و ژینگە و تەنانەت خۆشەویستی گرتۆتەوە، هەر بە خەمەوە دەنالێنێ و دەڵێ:

مردن لە هەموو شەقامەکاندایە و نەزۆکی لەکێڵگەکان و هەرچی خۆشمان دەوێن مردن و دەمرن:-

الموت في الشوارع
والعقم في المزارع
وكل مانحبه يموت(١١).

خەمی خۆشەویست و سەودا سەری عیشق لای هەردوو شاعیر سەرچاوەیەکی بەهێزو بەتەوژمە، عیشق و شاعیر دوو رووی یەك کەسێتی و پاڵەوانی بەرهەمی شیعری لیریکین (الشعر الغنائی) کە زۆرترین پانتای لە ئەدەب و شیعری جیهانیدا داگیرکردووە.

شاعیر هەرگیز لەو سەدای عیشق و خۆشەیوستی تیر نابێت، هەمیشە بەدوای بووکی خەیاڵدا وێڵە و نایدۆزێتەوە، ئەو هەوڵ ئەدات بەخەیاڵ وێنەیك بۆ ئەو نازدارە بکێشێ و هەست و خیاڵ و خەم و ئەشك تێکەڵ بکات و بیکاتە جوانی نمونە جوانیەکان و جوانەکان لەدید و کامێری چاوی شاعیردا تیژڕەون و سڕکەرن و ماڵی نابن، لەچرکە ساتێکدا نیگا ئەکەن و وێڵ ئەبن، گۆران بۆ (جوانی سەرەڕێ) یادگاری شوێن و ئافرەت دەبنە مایەی خەم و وێنەیەکەی لەبیرنەکراو و دەچنە پاڵ ئەو هەموو جوانی و نیشانەی پاك و بێگەردی ژیانەوە کە شاعیر لە فرسەتێکدا وێنەیان دەگرێت:-

سەرنجێك من ئەیدەم لەو بەژن و بالآیە
لەسینەی پاکەوە بۆ جوانی تەنیایە.
ئەمەوێ کە دەرچووم لەم دێ یە بەیانی
خاتیرەم هەڵگرێ جوانترین نیشانی!
چونکە ئاخ! ئەگەرچی ئێوە من ئەمرێنن.
بەلآم تۆ، خۆت و (دێ)ت لای من هەر ئەمێنن.

تویش لەگەڵ هەر جوانێك ئەبینم تا ئەمرم.

ئەبیتە مرواری بۆ ملوێنکەی شیعرم[١٢].

ژیانی(بەدر شاكر السیاب) وەك (گۆران) هەر لەمنداڵی و تەمەنی مێرد منداڵیەوە لیوانلێو بووە لە خەم و باوەشی بۆ جیهانی شاعیر کردۆتەوە، ئەم حوزن و نائومێدیە لەو کاتەوەی فوتابی بووە لەناوەندی لەنوسین و دەربڕینیدا دەرکەوتووە، تارمایی مەرگ و ترس لەدوا رۆژ و خەمی ئەم جیهان و دەوروبەرە بەتەواوی لەو بابەتەدا دەردەکەوێ کە (سەییاب) نووسیویەتی لەسەرەتای هەرزەکاریدا:-

(انني اسمع حشرجتهم واري خلال الاغصان جماجمهم الصفراء تطل علي بمحاجر كانها قبور مظلمة، وكأنني أسمع نداء خفيًا من اولئك الاموات انهم يقولون: إنني ضيفهم الليلة)[١٣].

هیجران و دەردی دووری و کۆچی خۆشەویست و خۆبەستنەوە بەیادەوەری کۆن و رابردوو، رەنگدانەوەی لای هەردوو شاعیردا هەیە و بوونە سەرچاوەی خەم و ئازار ئەم خەمە درێژە دەکێشێ تا سەرەمەرگ:-

ئەی خاطیراتی عومری گوزەشتەم، دەخیلی تۆم!

خنکاوی بەحری دووری، نەکەی عەشقی رەنجەڕۆم.

جیلوەت لەچاوم ون نەبێ

هەرگیز لای تۆ نووستن نەبێ!

چەشنی ئاوینە

دائیم بنوێنە!

عەشقی قەدیمی یاری ،

تاوەختی ئیحتیضار [١٤] (سەرەمەرگ)

دڵی(سەییاب) لەخۆشەویستی(هیلە) ناوێکدا بەند بووە کە کیژێکی لادێی بووەو لەنزیك (جیکور)ی شوێنی لەدایك بوونی (سەییاب)ە وە بینویەتی، بەڵام لە ئاوازی خەمناکی (سەییاب)دا شکستی ئەو خۆشەویستییە دەخوێنینەوە، سەرگوزەشتەی ئەو چیرۆکە ناکامە دەبینین کە دەنگدانەوەی تەنیا لە شیعرەکەدا ماوە:-

دعاك فؤاد طوي صفوه

وكفنه بدموع المقل

أقام الهوى منه محرابه

فرددت ثم صلاة القبل

ولكنك اليوم حطمته

واطفأت فيه شعاع الأمل

اينشد من راودته الشجون

كمن اسكرته لحون الجذل؟[١٥].

رێبازی رۆماتیکی کەبووە رێچکەی هەردوو شاعیر لەقۆناغی تازەکردنەوەی شیعری کوردی و عەرەبیدا، باوەش کردنەوەیە بۆ سروشت و جوانی ئەو ئیلهامەی دیمەنەکانی ئاسمان و زەوی بە مرۆڤی هەست ناسك و شەیدا و تینوی سەرچاوەی نوێ جوانی بە شاعیرانی دەبەخشن.

پایز! پایز
بوكى پرچ زەرد.
من مات، تۆ زیز،
هەردوو هاو دەرد!
من فرمێسكم، تۆ بارانت.
من هەناسەم، تۆ بای ساردت.
من خەم، تۆ هەوری گریانت.
دوایی نایە، دادم، دادت
هەرگیز، هەرگیز.
پایز! پایز! (١٦).

لێردا خەمی مرۆڤ و سروشت تێكەڵ دەبێت، چۆن گریانی هەور بێ كۆتایی یە، هەروەهاش خەمی شاعیر ئەبەدیەو دادو فیغانی وەك پایز سیمای زەرد و خەمبارییە و ژاكانی تەمەنە.

لای (سەیاب) باران ئەو رەمەزیە كە تینویەتی خەڵكی برسی دەشەكێنێ و هیوا دەبەخشێ وەك بەخشندەیەكی ئاسمان فرمێسكی هەژاران دەسڕێتەوە، ئەمەش ئەو هیوایەیە كە شاعیرانی رۆمانتیكی بە سروشت و بێگەردی و پاكی ئەویان بەخشیووە.

في كل قطرة من المطر
حمراء وصفراء من اجنة الزهر
وكل دمعة من الجياع والعراة
وكل قطرة تراق من دم العبيد
فهي ابتسام في انتظار مبسم جديد
أو حلمة توردت على فم الوليد
في عالم الغد الفتى واهب الحياة
مطر....
مطر....
مطر.....(١٧).

ترس لەمردن و كورتی ژیانی مرۆڤ لەسەر ئەم زەوییە، ئەو خەمە درێژ خایەنەیە كە هەمیشە پرسیاری لای خەڵك دروست كردووە، شاعیر و رووناكبیران لەسەرەتای سەرهەڵدانی شیعر و دەربڕینەوە، ئەم باسی بوون و نەبوونە، وجودو عەدەم، ژیان و مەرگ ...هتد بۆتە خوولیا و سەوداسەری خەیاڵ و لێكدانەوەیان، زۆر جاریش بەهۆی نەهامەتی رۆژگار و وەرس بوون لەدەوروبەر و ئازار و ئەشكەنجەوە كە لەژیان لەگەڵ كەسانی دووڕوو هەڵپەرست و بەرژەوەندی پەرست، تووشی دەبێت، هانایان بۆ مەرگ دەبرد و بە ئارامی ئەبەدیان دەزانێ، وەك لە هەندێ جاردا وتراوە (مەرگ وەرە ژیانی كوشتمی):- -

ئەی بلبل ! هەزار خۆمان.
بێ دەستەڵات پڕ گومان
بەدەشتی ژینا ویڵیین.
لەو جێگایەی جێ دیڵین.
هەچ کوێ ئەچین بیابان تر.
جێگای ترس و گومان تر.
ئەی وەستای بەستەی شیرین!
ئێمە هەتاکو ئەمرین
یا ئەپرسین، یا ئەگرین.
ئیتر چلۆن بخوێنین[١٨].

(گۆران) ئەم شیعرەی(بۆ بلبل) لە ئیلهامی شیعرێکی شاعیری رۆمانتیکی ئینگلیز(شیلی) وەرگرتووە بەناوی (To Askylark)

(سەیباب) زۆر نائومیدە لەسەردەم و ئەو رۆژگارەی تێدا دەژی بەتایبەت لەسالآنی لاوێتیدا کە بە بۆچوونی خۆی هەموو دەروازەی خۆشی لێ داخراوە و هیچ هیوایەك بەباش بوونی ئەو رەوشە خراپە نابینێ، وەك دەڵێن تروسکەی تێدا بەدی ناکات:-

ماذا جنيت من الزمان سوى الكآبة النحول
أو اراقب الليل الطويل يذوب في الصبح الطويل
وأتابع الشمس المرنحة الشعاع إلى الافول
واشيع البدر السؤوم يغيب ما بين النخيل
لا مأمل لي بالكثير ولا رجاء بالقليل
وأعد أيامي لا سلمها إلى الهم الثقيل
واعيش محروم الفؤاد من الهوى، عيش الذليل
وأسرح الطرف! الكئيب من التلال إلى السهول
واصعد الآهات دامية وأمعن في العويل
ضاقت بي الدنيا وضقت بها كأني في رحيل
في وهدة قفراء بح بجوها صوت الدليل[١٩].

دەوڵەتی دروست کراوی عێراق لەساڵی ١٩٢١ دا بەپلانی داگیرکاری ئینگلیزی یەکێ لەبراوەی شەڕی یەکەمی جیهانی، ئەم دەوڵەتە بەهەموو ئەوەی لەسەر بنەمای هاوسەنگی و عەدالەتی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی دروست نەبووە، هەمیشە شوێنی شەڕ و ململانێی نێوان دەسەلآت و میللەت بووە، دەسەلآتە خۆسەپێنەرەکانی ئەم وڵاتە لەساڵی ١٩٢١ تا ئەمڕۆ، نەیانتوانیووە مافی میللەت بدەن و نەتەوەکانی ئەم وڵاتە (کورد و عەرەب و تورکمان و کلد و ئاشووری) بەختەوەر بکەن و مافی رەوای خۆیان بدەنێ، لەگەڵ هەموو سەرمایەو دەوڵەمەندی ئەم وڵاتەدا کە دەبوایە تاکی ئەم کۆمەڵە بەختەوەرترین مرۆڤی ئەم ناوچەیە بن و کۆمەڵی عێراق ئێستا بگاتە پلەی کۆمەڵی بەختەوەرو ئاشتی و ئارامی باڵی بەسەر هەمووان‌دا بگرتایە، بەلآم پێچەوانەی ئەم راستەو خەم و

حەسرەت و کوشتار و شەڕی ناوخۆ و دڕەندەیی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکان، بۆتە هۆکاری برسێتی و هەژاری و نەخوێندەواری و نائومێدی و جیاوازی چینایەتی، ئەم بارودۆخە خراپە، زوڵم و ستەمی دەسەڵاتداران بونەتە هۆی خەم و حەسەرتی شاعیران و زۆرجار بە تۆمەتی بێ بنەماو ناڕەوا، زیندانی کراون و یاسا و دەسەڵاتی دادوەری و جێ بەجێکردن لەخزمەت چینی فەرمان ڕەواو دەسەڵاتدا بووەو پارەی نەوت و سەرمایە سروشتییەکان بۆ سەرکوت و ئازاری هەژاران و میللەتی ستەمدیدە بەکار براوە.

(سەییاب) وەها باس لە( عێراق)ێکی دەوڵەمەند و پڕ لەسەرچاوەی وزە و ژیان دەکات:

وفي العراق جوع

وينثر الغلال فيه موسم الحصاد

لتشبع الغربان والجراد

وتطحن الشوان والحجر

تا دەڵی:-

ومنذ ان كنا صغارًا كانت السماء

تغيم في الشتاء

ويهطل المطر

وكل عام- حين يعشب المثرى- نجوع

ما مر عام والعراق ليس فيه جوع[٢٠].

(گۆران) لەقەسیدەی ( لەبەندیخانە) دا هێڵی جیاکاری لەنێوان خۆی و دەسەڵات و گەلێکی بێ ئاگادا دەکێشێ کە چۆن کەسێکی وەك شاعیر تاوانبار دەکەن لەکاتێکدا هەرچی تاوانەکان هەیە دەسەڵاتداران ئەنجامی ئەدەن و هەمیشە کێشە و ئاراستەکان پێچەوانە بوونەتەوە، زیندان و کۆت و بەند بەشی مرۆڤی پاك و ئازادیخوازو خاوەن هەڵوێستە و دنیای دەرەوە پڕ لەکەس تاوانبار و پیاوی بێگانە و خۆفرۆش و ملچکەی دەسەڵاتی نەزان و دژە میللەت:-

ئەی تریفەی مانگی سپی دەرکی دەلاقە.

با پیس نەبی، خۆت مەدە لەم کوردی عێراقە

وڵاتەکە داگیر کراو، نەتەوە دیلە

باو لای دوشمن نامەردێتی، مەردی زەلیلە.

- - - - - - - - - - - - -

ئەی مانگی بەرز، ساها نابێ، مل بنێ بۆ دوور

بۆ وڵاتێك جێی نیظام بێ و سەربەست و روو سوور.

بۆ وڵاتێك هاونیشتمان تیا ئازاد بێ.

ژیری دڵسۆز باوك بێت و گەلیش ئەولادبێ!

هەر ئەندامە بەپێی بەهرەو لێ هاتنی خۆی.

ماوەو جێگای فرمان کردن رێك خرابێ بۆی[٢١].

زەنگی زویری لەناخی خەمۆك دا كە دەروونی شاعیر بێت، هەمیشە لێ دەدا و شاعیر خۆشی نازانێ ئەو ئاوازە خەمینە لەکوێوە دێت و بۆچی ئەوەندە کاریگەرە، شەپۆلی ئەو ئازارە و گوشارە دەروونییە ناکرێ هەموو بنووسرێتەوەو لەبەرئەوە شاعیر دەستەو وەستانە لبەر دەم و ئەو شەپۆلی خەمۆکیەداو بەرەو نائارامی دەیبات و هەوڵ ئەدات ئەم رازە بگوێزێتەوە بۆ خوێنەرو بەشێك لەو هەستە ناسکە بکاتە تۆماری نەمری بەڵام وەك(گۆران) دەڵێ ((هەندێجار لە قولایی دلما، هەستی پەستییەك ئەکەم، لەچەشنە هەستییەك ئەچێ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەندەم بیرو خەیاڵ و لێکدانەوە لێ ئەوروژێنێ، شەکەتم ئەکات، کەچی ئەگەر سەردەمێکی نەختێ درێژ خۆیم لێ بشارێتەوە، گیانم وەکو منالێ، ئەکەوێتە بەیایی یەکی بەکوڵ بۆی...ویستم ئەم بیرانەم لەقالبی شیعردا دارێژم، هەرچەند تێکۆشام، هەر توانیم ئەمە بێنمەدی))[٢٢].

(گۆران) لێرەدا تا ئەو پەڕی سۆز و هەست ناسکی بەناخی خۆیدا دەچێت و مەنەلۆگ لەگەڵ پەستی و خەمی ناوەوەی دەکات کە سەرچاوەکەی دەرەکی یە و نازانێ لەکوێوەو بۆچی دێت، ئەگەرچی لەقۆناغی لاسایی ئەدەبی عوسمانی و کلاسیکی نوێی شیعری (گۆران)دا، عەقڵ و ئیدراك خەم هێنەرو ئازار دەربوو، لەم قۆناغەی شیعری رۆمانتێکی دا، شاعیر مندالەو بەهەموو چرپەکی سامناك شەکەت دەبێ، ئەو هەولەی گۆران و لێدوانەی لەو پەستیە زۆر راستگۆیانەیە وەك تیشکی هەتاوە نە ئەتوانێ بیگرێ و نەدەکرێ دەست بەرداری بێت، هەر چۆنێ بێت ئەم پارچە ناسکەی لێ چنیوە و پێشتر لەکەسانی ئاسایی ئەو هەستەی تۆمارکردووە:-

ئەوا دیسان لەگۆشەی نادیاری
دڵم، هەڵسا زڕەی زەنگی فگاری
بە ئەسپایی، بەبێ هێزی، بەعاستەم.
هەوای رۆحم ئەخاتە سەر لەرەی خەم.
بەئەسپایی، بەلەرزۆکی، هەژاری.
ئەنالێنێ لەشوێنی نادیاری.
زەمانێك دێتە گۆ هەرچەن زڕەی دێ
کە تێر نابم لەگوێ گرتن بەدوو گوێ
زمانێك، بەستەیەك، دەنگێك، نەوایەك
سکالایەك، هەناسە و ئاخ و ئایەك..
کە تێی ناگەم، کە نازانم ئەڵێ چی
بەلام خوڕ خوڕ لەگەڵیا رۆحم ئەگری![٢٣].

ئەم دیمەنە لای شاعیر لەچەند پارچە شیعرێکی ناسکی تردا دووبارە دەبێتەوە وەك ((ئەی نەی، ئاوێنەی هەستیم، گیان))[٢٤] .

(سەیياب) سەرسەختی ژیانی خۆی و بەرفراوانی خەیاڵی شاعیرانەی و باوەش کردن بەسروشت و زەوی و ئاسماندا، دەکاتە دەفتەری بیرەوەری و وەسێتنامەو هەوڵ دەدات ناخی خۆی لەسەر تۆمار بکات تا ئەو هەستە شاعیرانەیە دوای خۆی ببێتە گەواهی ناخی پڕ خەم و پەژمارەی شاعیر:

فدونك ياخيال مدى وآفاق والف سماء

وفجر من نجومك، من ملايين الشموس، من الاضواء

واشعل في دمي زلزال

لاكتب قبل موتي (او جنوني او ضمور يدى من الاعياء)

خوالج كل نفسى، ذكرياتي، كل احلامي

وأوهامي

واسفح نفسى الثكلى على الورق

ليقرأها شقي بعد أعوام وأعوام

ليعلم ان أشقى منه عاش بهذه الدنيا

وآلى رغم وحش الداء والآلام والأرق

ورغم الفقر ان يحيا [٢٥].

مرۆڤ لەدایك بوونەوە تا مردن، بەبازنەیەك لەخەمی بچووك و گەورە دەورە دراوە، ئەو كاتەی بیر لەماهیەت و جەوری زەمانە دەكاتەوە، تێدەگات هەمووی سەرابە و شوێن ئاواتی دوور كەوتووە و مەحاڵە بەدی بهێنێ، كاتێ لە شەودایە خەمی سبەیینێ دەخوات و لە ڕۆژەدا ماندوو شەتەك پەلەیەتی لە شەودا ئارام بگرێت بەڵام خەم دەست لەملانێتی و مەگەر پێكەنین و گفتوگۆو دەربڕینی راز و نیازەكانی هەوڵ بدات ئەو خەمە بڕەوێنێتەوە، بەپێی تیۆرو شیكردنەوەوی دەروونناسان، خەمۆكی چەند جۆری هەیە[٢٦] ، لەوانە خەمۆكی دەروونی و خەمۆكی ژیری، جۆری دووەم بە ئازارترن و سەختره و روو لەشاعیر و روناكبیرو دەستەبژێر دەكات كە ئەمانە بازنەی خەمیان لەتاكەوە بۆ كۆمەڵ و دەوروبەر و جیهان گەورە دەبێت ئاواتی بەختەوەری مرۆڤ و رزگاری گەلان و ئاسوودەی عاشقانیان دەوێت.

ئەو جیهانەی ئەوانە دەیانەوێ لەواقیعدا دەست ناكەوێت، یۆتۆبیایە جا دەبێت لە خەمی بەدەست هێنانیدا، خەمۆك و گۆشەگیر و دژە باوبن، ئەو كارەسات و نەهامەتی و مەرگی ئازیزان كە روو لەهەمووان دەكەن، لای شاعیران بەسوێی ترو بەئازار ترە، خەمێكی قووڵ لەناخی شاعیردا ئەڕوێنێ كە هەتا ماڵئاوایی لەژیان لەگەڵیا ئاوێزان دەبێت، هاوارو رۆ رۆ و ئەشك و هەنسك دادی نادەن، هەر لەبەر ئەمە هەوڵ ئەدەن لەتابلۆیەكی شیعردا بە شێك لەو ئازارە دەربڕن و بەدەوروبەری بگەیەنن.

(گۆران) لەسەرە مەرگی هیوای كوڕیدا دەڵێ:

سا بۆم بڕوانە تێر بەو چاوانە!

رۆڵە مردنە و فرمێسك بارانە!

هیوا رۆڵە رۆ، كۆرپەم رۆڵە رۆ!

ئەو كوڵمە ئاڵە نەرم و نۆڵە رۆ!

ئەو قژە زەردە، ئەو چاوانە رۆ!

ئەو نەغمەی (دایە) و (بابە) جوانە رۆ!

هیوای دایە رۆ! هیوای بابە رۆ![٢٧].

لەدەستدانی جگەر گۆشە لای شاعیر بۆتە خەمێکی خودی و ئەبەدی  کە هەتا مەرگی شاعیر لەناخیدا بنجی داکوتاوە و بۆتە ئازارێکی بێ کۆتایی (سەییاب) لەکۆچی دوایی خاڵی دا کە بەنەخۆشی سیل گیرۆدەبووەو سییەکانی رزیون و دواتر بۆتە هۆی مەرگی، شاعیر وێنەی ئەو مردنە وەك مردنی خۆی پێشبینی دەکات و خەمێکی قووڵ دایگرتووە و هەنگاوەکانی بەرەو نائومێدی دەچن و مەرگ لەبەرچاوی وەستاوەو چاوەرێی دەرفەتە راپێچی بکات، (سەییاب) بەو بۆنەیەوە قەسیدەی (رئەتتمزق)ی نووسی:

الداء يثلج راحتى ويطفئ الغد في خيالي

ويشل انفاسي ويطلقها كانفاس الذبال

تهتز في رئتين يرقص فيها شبح الزوال

مشدودتين إلى ظلام القبر بالدم والسعال

واحسرتا! أكذا أموت كما يجف ندى الصباح

ما كاد يلمع بين افواف الزنابق والاقاحي

فتضوع انفاس الربيع تهز افياء الدوالي

حتى تلاشي في الهواء كانه خفق الجناح [٢٨].

لەو نمونانەی سەرەوەدا، دەرکەوت کە غەم یان خەم[٢٩]، تا چەند لەبەرهەمی هەردوو شاعیردا رەنگیان داوەتەوە، دیارە لەم توێژینەوەیەدا، تەنیا بەو ئاماژانە واز دەهێنین، ئەم هەوڵە زانستیە نوێیە تیشکێکی ترە بۆ زیاتر ناساندن و بەراورد لەنێوان (گۆران) و (سەییاب) دا.

## ئه نجام

لەدوای گەڕانی ورد و خوێندنەوەیەکی سەردەمیانە لەدیوان و بەرهەمی هەردوو شاعیری کورد (عبدالله گۆران) و شاعیر عەرەب(بدر شاكر السیاب) و بەپێداچوونەوە بە بەشێکی زۆر لەو نامە و وتارو سەرچاوانەی لەبارەیانەوە نووسراون، کەمتر لەرووی بەراوردکاریەوە دیاردەی خەم یان خەم لەنێوان ئەم دوو شاعیرەدا باس کراوە، دیارە ئەم دوو شاعیرە ناسراوو بەناوبانگە زادەی دوو کۆمەڵ و دوو زمان و دوو میللەتی جیاوازن هەریەکەیان پێشخانی کەلتوری خۆیان هەیە، بەڵام لەو رووەوە کە لەسەردەمی بارودۆخێکی سیاسی چوونیەکدا ژیاون وەك کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی و رۆژانی شەڕی دووەم و سەردەمی دامەزراندنی عێراق و رژێمی پادشای و کۆماری، هەروەها کە سەرچاوەی هەردووکیان زمان و ئەدەبی ئینگلیزی بووە و بەتایبەت شاعیرانی رۆمانتیکی ئینگلیز، هەردوو شاعیر خەریکی کاری رێکخراوی بوون و زیندان و ئازاری زۆری دەروونی و جەستەییان دیوە، نەهامەتی ژیان و دەرکردن لەکاری فەرمی و لەدەستدانی کەسانی ئازیز و خۆشەویست و دواکەوتووی کۆمەڵ و خراپی سیستەمی دەسەلآت...هتد

هەموو ئەمانە کاریان لەسەر هەست و شعوری هەردوو شاعیر کردووە، تا ئەو رادەیەی لە هەندێ بەرهەمدا باوەش بۆ مەرگ بکەنەوە، سەرچاوەی تایبەتی و گشتییەکانی (خەم) لای هەردوو شاعیر تاڕادەیەك چوون یەکە، هەر لەو نموونانەدا دەردەکەوێ کە لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتوون.

ئەم توێژینەوەیە ئەوەی سەلماند کە ئەم دوو شاعیرە پەیوەندی راستەوخۆیان بەیەکەوە نەبووە، کەواتە بەپێی قوتابخانەی ئەمەریکی ئەم بەراوردە کراوە کەزیاتر بایەخ بەلایەنی ناراستەوخۆ و دەدات، بیرکردنەوەو ئاسۆی فراوانی عەقڵی هەردوو شاعیر کە بۆ دوور دەڕوانن لەزۆر مەداردا یەك دەگرنەوە.دیارە هەر توێژینەوەیەك خوێندنەوەیەکی ترە بۆ بەرهەمی ئەو شاعیرانەی کە بوونەتە ناسنامەی نەتەوەیەك.

**پەراوێزو سەرچاوەکان:-**


١- رەزا سەید حسێنی، قوبتاخانە ئەدەبیەکان، و. حەمە کەریم عارف، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، دەزگای موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٦، ل٢٩ تا ٣٥.

٢- دیوانی نالی، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی مەلا عەبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم، (سنە)بلاوکردنەوەی کوردستان، چاپی پێنجەم، ١٣٨٦ ه.ش، ل٤٦١.

٣- سەرچاوەی پێشوو هەر ئەو لاپەڕەیە.

٤- سەرچاوەی پێشوو ل٩٤، ٩٥.

٥- ئەم شیعرە بەشێکە لە قەسیدەیەکی شیخ سەعید کە بەبۆنەی کۆچی دوای شێخ مستەفای نەقیبی برایەوە وتوویەتی، بڕوانە: م.ر. هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی یەکەم، لەندەن، ١٩٩٠، ل١٤١، ١٤٢.

٦- رەزا سەید حسێنی، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٠.

٧- بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ژیانی گۆران بڕوانە: دیوانی گۆران، بەرگی یەکەم، محمد ملا کەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٨٠، ل٥٤٥-٥٤٩.

٨- بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی ژیانی(بدر شاكر السياب) بڕوانە: الدكتور إحسان عباس، بدر شاكر السياب، دراسه في حياته و شعره، بيروت، ١٩٦٩.

٩- دیوانی گۆران، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٦.

١٠- هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٦٧.

١١- انشودة المطر، مدينة السندباد، السياب، ص١٣٦، هەروەها: ا.د. خلف رشيد نعمان، الحزن في شعر بدر شاكر السياب، الدار العربية للموسوعات، ط١، بيروت، ٢٠٠٦ن ص٨٩.

١٢- دیوانی گۆران، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦،٢٧.

١٣- أ.د. خلف رشيد نعمان، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠-٣١.

١٤- دیوانی گۆران سەرچاوەی پێشوو ل١٤، ١٥.

١٥- أ.د. خلف رشيد نعمان، سەرچاوەی، پێشوو، ل٣٣.

١٦- دیوانی گۆران، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٣.

١٧- بدر شاكر السياب، انشودة المطر، دار مجلة شعر، بيروت، ١٩٦٠، ص١٦٥.

١٨- دیوانی گۆران، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٨.

١٩- من قصيدة (في يوم عابس)، بدر شاكر السياب، الدكتور احسان عباس، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٩.

٢٠- أ.د. خلف رشيد نعمان، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٥،٦٤.

٢١- دیوان گۆران، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٧,٢١٨.

٢٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٦.

٢٣- سەرچاوەی پێشوو هەر ئەو لاپەرەیە.

٢٤- سەرچاوەی پێشوو ل٢٢٨،٢٢٥،٢٢٤.

٢٥- الدكتور احسان عباس، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧٩.

٢٦- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: د. کریم شریف قەرەچەتانی، هەندێك نەخۆشی و گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی، چ١، هەولێر، ١٩٩٩، سەرچاوەی تر لەبارەی زانستی دەروونناسییەوە.

٢٧- دیوانی گۆران، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٤.

٢٨- الدکتور إحسان عباس، بدر شاکر السیاب، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٣.

٢٩- پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە هەردوو وشەی (غەم)و (خەم) لەشیعر و بەرهەمی شاعیرانی کوردا بەکارهاتووە، تەنانەت لە فەرهەنگی زمانی کوردیا، هەردوو وشەکە بۆ یەك مانا بەکارهاتووە کە ئەوەش (پەرێشانی، حەسەرت، مەینەتی، دڵتەنگی) وە لەزمانی عەرەبیدا وشەی (غم) بەکارهاتووە.

## مفهوم الحزن بين گوران والسياب

يعُد السياب و گوران شاعرين مجددين، إذ جددّ السياب الادب العربى واستطاع گوران بدورة ان يجدد الادب الكوردي ، إذ استطاع الاثنان تغيير مسار كتابه الشعر والخروج عن النمط العروضى القديم، وقد عاش الاثنان فى النصف الاول من القرن العشرين.

هناك اوجه شبه كبيره بين الشاعرين، على الرغم من عدم التقاء أحد هما الآخر، اذ يجمعها الذكاء وامتلاك ثقافة عاليه والوعى الشديد بالمرحلة التى عاشا فيها، وكان على علمٍ بالأحداث السياسية والتغيرات الاجتماعية للمجتمع العربى و الكوردى في العراق في تلك الحقبة ، كما أن الاثنين تربى في القرية، ثم إتجها إلى المدينة، وكانا على اطلاع بحياة الطلاب ومعاناتهم، وتعرض الاثنان للاضطهاد والحبس والآلم الجسدي والنفسي، وكل ذالك جعل الحزن سمة بارزة لنصوصهما الشعرية، وأكثر من ذلك كان السياب و گوران يتقنان اللغة الانكليزية، فتأثر معًا بالشاعر الرومانسي الانكليزي (إليوت) الذي ترك إثره الكبير فى إنتاجهما الشعري.

ويهدف البحث إلى أبراز مفهوم الحزن لدى الشاعرين المذكورين، وهو دراسة مقارنة بين مفهوم الحزن في الشعر الشاعرين، وقد استعنا من أجل الوصول إلى أهدافنا المرجوة بمجموعة حديثه من المراجع في الادبين الكوردى والعربى.



## The concept Of Melancholy between Goran and A ssayiab

Goran and A ssayiab are two Contemporary renovating posts of their own people. They lived in the first half of the twentieth century and were successful in the modernizing the Kurdish and Arabic poetry regarding their classical from and rhythm.

These two poets are close to eact other in many aspects although it seems that they did not meet.....

In the points of intelligence, education ,awarenes of the time, the political situation the social development, the modern current and the peoples liberation era, these two figures left the villages and moved towards city life and berng teachers, they became familrar with the new sciences recognized the condition of pupils life at that time and they were victims of imprisonment physical and psychological torture. This is why melancholy has reflected quite clearly in their literary products. And as they spoke and understood English language, they were able to get new reading sources and were affected by the English romantic poets, these sources have provided both of them with new literary tools.

This research puts more emphasis on the phenomenon of melancholy between the to above mentioned poets as a comparative attempt to bring then under study

The paper attempted to consult a variety of new references in both Kurdish and Arabic language to prove the view points and the hypothesis of work